
ئۆمۆت ئۆزکریملی

40

تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم

عەبدوڵلا رەسوڵی



Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کتێب : تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم

نووسەر : مۆمۆت مۆزکریەلی

وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەممەد عەلی قاسمی

وەرگێڕانی بۆ کوردی: عەبدوللا ڕەسوڵی

دیزاین : هیوا گۆمپیوتەر

تیراژ : ١٥٠٠ دانە

چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

هەر کەسێك چاوێکی بەخنەگرانە بە تیۆرەکانی ناسیۆنالیزمدا بخشێنێت، دەبێ کەسێکی زۆر ئازاو بوێر بێت. ژمارەی بابەتەکان زۆرن و بەخێرایی لەحاڵی فراوان بوون دان. ئەم تیۆرە جۆراوجۆرانە پەیوەندییان بە هێزە مێژووییەکانەوە هەیە و هەراو هەنگامەیەکی گەورە دروست دەکەن. لەهەمان کاتدا تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم باسی کێشەگەلێکی بەرفراوانترو پەوتگەلێکی بەرفراوانتر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت کۆمەڵناسی مەعریفە، کاریگەریی ئایدیۆلۆژییەکان، فۆرماسیۆنی کۆمەڵگاکان و بزووتنەوەکان، پۆڵی حکومەت، ئاراستەدار بوونی مێژووی مۆدێرن و یا نەبوونی ئەم ئاراستە دەکەن.

ئۆمۆت ئۆزکریملی لێکۆڵەریی تورك، لە نووسینی تاوتوێکردنێکی بەراوردکاری و پەخنەگرانەدا سەرکەوتوو بووە. کتێبی ئەو کە چاوخشاندنێکی گشتگیر، بێلایەنانە و پەخنەگرانە لەبارەی باسە ئارایيەکانی پەیوەندیدار بە ناسیۆنالیزمە، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندو پێویست بۆ خوێندکاران، مامۆستایانی ئەم بوارەو هەروەها بۆ کەسانێکە کە هەوڵ دەدەن پەیوەندی لەنێوان باسەکانی ناسیۆنالیزم و بابەتە شیکارییەکان، یا بەباش زانینی ژیانی فکری هاوچەرخ دروست بکەن. "ئۆزکریملی" نەك تەنها لە بەشەکانی کۆتایی و پاسپاردەکان، بەڵکو لە سەرتاسەری ئەم بەرهەمە لێکۆڵینەوەییەدا، هەندێ تێڕامانی لەبارەی ناسیۆنالیزم

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بەمانای گشتی ئەو، خستۆتە بەرباس. ئەو بە پەخنەگرتن لە بەرهەمەکانی دیکەو لە رێگای هەندێ بڕیاری ناسك و زیرەکانە لەبارەی کێشە بابەتییەکانی ئەم پانتاییە، توانیویەتی لە کارێکی وەهادا سەرکەوتوو بێت. لەمان کاتدا، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی پڕ لە زانیاری پەیوەندیدار بە ئەدەبیاتی بابەتەکەیەو لە شوێنی خۆیدا دەروازەیەکە بۆ ئەم باسە.

بەمانایەکی ورد، سەنتەری ئەم خوێندنەوە تیۆرەکانی ناسیۆنالیزمە، کە لەسالەکانی ١٩٦٠ هەتا ئەمڕۆ خراونەتە بەرباس. ئێستا دەتوانین ئەم پرسیارە کە خودی تیۆرەکان لە ناسیۆنالیزمی دەپرسن، لە خودی تیۆرەکان بکەینو ئەویش ئەمەیە کە ئەمانە (تیۆرەکان) لە کوێوە سەریانهەڵداوە؟ "ئێرنێست گێلنێر" پرسی، ئایا نەتەوەکان لە بوونداخاڵێکی بەیەك بەستنەوەیان هەیە؟ وەڵامی "گێلنێر" کە وەڵامێکی نەرمونیانترو خاکەڕایانەترە لە پەیوەندی ئەو لەگەڵ مۆدێرنیزمی پتەودا، ئەمەیە کە ژمارەیەك لە نەتەوەکان خاڵی بەیەك بەستنەوەیان هەیە، ژمارەیەك لەوان بەدەستی دێننو ژمارەیەکی دیکە بەسەر خۆیاندا دەیسەپێنن. هەڵبەتە پوونە، کە تیۆرە ناسیۆنالیزمییەکان خاڵی بەیەك بەستنەوەیان هەیە. تیۆرەکانی ئەزەلیگەرایی شوناسی ئێتینیکی هەندێ خاڵی بەیەکتر بەستنەوەیان هەیە، کە ئەوان نە بە تیۆری کۆمەڵایەتی، بەڵکو دەبەستێتەوە بە شیمانەی بەربڵاوتر لەبارەی بەردەوامی بوونی کۆمەڵگاکان بەدرێژایی سەدەکان، شتێك کە لە بەشی زۆری میژووی نەتەوەکانو لە نووسراوە باوەکانی ئەمڕۆدا لەبارەی تیۆری سیاسی پەیوەندیدار بە بەردەوامی نەریتەکان،

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کۆمەڵگاکان و هاوسەنگییەکان پەنگی داوەتەوە. تیۆرەکانی لیبرالی، مارکسیستی، دۆرکهایمی و فێبەریی، هەموویان توانای شیکاری و ماناى سەرەکی ئاراستەی مێژووییی خۆیان لە تیۆری بەرفراوانترو پێشتری کۆمەڵایەتی وەردەگرن. ئەو پەوتانەی دوایی کە "ئۆزکریملی" سەردەمان بۆ لایان ڕادەکێشێت - فمێنیزم، دەروونناسی کۆمەڵایەتی و پۆست مۆدێرنیزم - جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەم وەرگرتنەوە دەکەنەوە.

ئەگەر بەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی کتێبی "ئۆزکریملی" ئەمەیە، کە دەرفەت بۆ ئەوە دەڕەخسێنێت ئەم گریمانە بنەماییانەی تیۆر هەڵسەنگێنین، بەهەمان شێواز لە بەشی کۆتایی شیکارییی سەربەخۆی خۆیدا، چۆنیەتی جووڵەی بەرەو پێشی ئەم باسانەش دەخاتەبەرباس. ئەو بە دوورخستنەوە لە خستنەبەرباسی تیۆرییەکی گشتی لەبارەی ناسیۆنالیزم، تیۆرییەك کە لە ئایدیۆلۆژیا و بزوتنەوە پێکهاتبێت، باسی خۆی چڕ دەکاتەوە سەر گوتاری ناسیۆنالیزم. لەهەمان کاتدا، بەکەڵك وەرگرتن لە تیۆری فکرەکانی پەیوەندیدار بە جێندەرو پۆست مۆدێرنیزم، جەخت لەسەر نەبوونی ئامانجی ناسیۆنالیزم دەکاتەوە: لە هەر زەمەنێکدا نەك تەنها پێناسەی ڕۆژ لەبارەی ناسیۆنالیزم بوونی هەیە، بەڵکو لە وەڵامدانەوە بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیش، پێناسە باوەکانی نەتەوەش دەگۆڕێن.

"ئۆزکریملی" بەجەخت کردنەوە لەسەر دیسان پێناسەکردنەوەی بەردەوامی گوتاری ناسیۆنالیستی، یارمەتی ئێمە دەدا تێگەیشتنێکی گونجاومان لەبارەی ناسیۆنالیزم هەبێت. ئەو

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ڕێگایەک جیا لەوەی ڕەنگە لە ڕۆچوونی ئاسیۆئالیستەکان و
ڕزمەندانی ئاسیۆئالیزم، جیهانی گۆشتگیر بەهێردا هێنت و لەو
ڕێگایەوە هەموو کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانی هاوچەرخ
لەچوارچێوەی ئەتەوەدا جێگا بکرێنەوە، دەخاتەڕوو و خودی
خوێندنەوەی ئاسیۆئالیزم لە ڕەهەندە شیکارییەکانی دیکە
جیادەکاتەوە. بە هیچ شێوەیەک ئاسیۆئالیزم تەنها هێزێک نییە، کە
بیچمی بە جیهانی مۆدێرن داهێنت و بەردەوام بیچمی پێبدات، بەڵکو
بیچمی بە جیهانی گۆڕانکارییەکانی ئەویش وەک ئەو بیردۆزانەی
بەکێک لەوانەو دەبێ گۆڕانکارییەکانی ئەویش وەک ئەو بیردۆزانەی
کە هەوڵ دەدەن ئەو شرۆڤە بکەن و لە بەستێنێکی بەرفراوانتردا
لەبەرچاو بگیرێت.

بەکێک لە چەند لایەنی باشی ئەم کتێبە کارێکەرە ئەوەیە، کە
تێگەیشتن لە تیۆرەکانی ئاسیۆئالیزم ئەو تواناییە بە ئێمە دەدات
ئەم باسانە لە بەستێنی فکری و میژووییەکی بەرفراواندا ببینین و
بتوانین وتەی "شیلێر" لە کتێبی "لەبارەی جوانیناسی
پەروەردەکردنی مرۆڤ"، بیر بێنینەوە: " کەسی دروست بەهەمان
شێوە کە هاوواڵتی سەردەمی خۆیەتی، هاوواڵتی دەوڵەتی
خۆشیەتی". "تۆمۆت ئۆزکریملی" لە نووسینی ئەم کتێبەداو
هەڵسەنگاندنی بیردۆزە جیاوازە باسکراوەکاندا، پەیڕەوی لەم وتە
کردووە.

قوتابخانەی ئابووریی لەندەن

فرێد هالیدی

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library